مزگین دوو ساڵ لە شاری دیاربەکر نیشتەجێ دەبێ

مزگین تاهیری سترانبێژی ئۆپێرا لە شاری دیاربەکر وەک وانەبێژ جێگیر دەبێ.

مزگین تاهیر کە دانیشتووی شاری سەری کانی رۆژئاوای کورستانە و بە چڕینی گۆرانی لۆریکا ئادیلۆش کە هۆنراوەی ئەحماد عارف، شاعیری کوردی ناسراوی باکووری کوردستانە، ناوبانگی زۆری پەیداکردوە.

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە مزگین تاهیر لە ناوەندی کولتوری جگەرخوێن کە سەر بە شارەوانی کایاپنارە، وەک وانەبێژی ئۆپێرا دامەزراوە.

مزگین تاهیر یەکەمین سترانبێژی ئۆپێرای کوردە کە توانیویەتی لەسەر بەرهەمەکانی ئامادۆیش، مۆزارت، بۆجینی و هونەرمەندانی ناوداری دیکەی جیهان بەکوردی گۆرانی بچڕێ.

بڕیارواییە کە مزگین تاهیر بۆ ماوەی دوو ساڵ وانەی ئۆپێرا بە پەنجاو شەش فێرخواز بڵێ، هەروەها بڕیار وایە کە ئەو فێرخوازانە بەشداری لە کۆنسێرتێکی گەورەی ئۆپێرادا بکەن، کە لە ماوەی داهاتوودا لە شاری ئەنکارا پێشکەش دەکرێ.

هەرچەندە کە ئۆپێرا هونەرێکی رۆژئاواییەکانە، بەلام رۆژهەلاتیەکانیش لەنێویاندا کوردیش حەز بەو هونەرە دەکەن، تا ئێستا چەندین گۆرانیبێژ هەوڵیان داوە کە سودی لێوەربگرن و پەرەی پێبدەن، بەلام وەک دەگوترێ مزگین تاهیر لەنێو ژنانی کوردستاندا تەکانەیە. چونکە زۆر سەرکەوتووە تێیدا.

بێجگە لە مزگین تاهیر، هەریەکە لە عومەر دزەیی و مستەفا دادار لەو بوارەدا ناسراون و بەرهەمی باشیان پێشکەش کردووە.

مزگین تاهیر ئۆمەری ساڵی 2004 خوێندنی پەیمانگەی باڵای مۆزیکی لە شاری دیمەشق تەواو کردوە، بە سەدان کۆنسێرتی لە شارەکان دا سازکردوە، هەورەها لەگەڵ گەورە هونەرمەندانی فەرەنسی و وڵاتانی دیکەی ئەورووپی کۆنسێرتی هاوبەشی ئەنجام داوەو گۆرانی کوردی لەسەر شێوازی ئۆپێرا چڕیوە.

سەبارەت بەوەی کە زیاتر پیاوان دەتوانن گۆرانی ئۆپێرا بڵێن و تێیدا سەرکەوتووبن، مزگین ئەو بۆچوونە رەت دەکاتەوەو پێیوایە کە ژنانیش دەتوانی لە چینی دەنگی بەرزدا گۆرانی بڵێن،

مزگین سەبارەت بە هونەری گۆرانی گوتن دەڵێ: سترانبێژ نابێ خۆی بترسێنێ و جیاوازی لەنێوان خۆی ئامادەبووانیدا پێشان بدات، دەبێ وا دابنبێ ئەویش یەکێکە لە ئامادەبووان و لەگەڵ ئەواندا دانیشتووە.

وەحید وەکیلی شانازی بە 'قالە مەڕە'وە دەکات

وەحید وەکیلیفەر،سینەماکاری لاوی کورد و دەرهێنەری فیلمی سینەمایی "گێشێر"لە دیدارێکدا سەبارەت بە وەرگرتنی خەڵاتی گەورەی 100 هەزار دۆلاری و تەندیسی مرواری رەشی باشترین فیلمی بەشی "ئاسۆی نوێ" چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئەبووزەبی لە وڵاتی ئیمارات، گووتویەتی: "زۆر خۆشحاڵم بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە، چونکە بیرم نەدەکردەوە ئەم خەڵاتە وەربگرم. زۆر خۆشحاڵم بۆ ئەو کرێکارانەی کە لە ناوچەی پیشەیی عەسەلوییە لە باشووری ئێراندا کار دەکەن و بە دڵسۆزییەوە هاتنە پێش کامێرا و خۆبەخشانە لە فیلمی سینەمایی "گێشێر"دا رۆڵیان بینی".

گووتیشی: "فیلمی زۆر باش لە بەشی "ئاسۆی نوێ" چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئەبووزەبیدا بەشداربوون بوون، واتە فیلمی دیکەش شایستەی وەرگرتنی خەڵاتی ئەم بەشەی فیستیڤاڵ بوون، بەلام بەختەوەرانە ئەندامانی لێژنەی ناوبژیوانی فیستیڤاڵ ئەم فیلمەیان وەکو براوەی فیستیڤاڵەکە دەستنیشان کرد".

سینەماکاری کرماشانی لە درێژەی قسەکانیدا گووتویەتی: "فیلمەکە باس لە سێ کرێکار دەکات کە لە ناوچەی پیشەیی عەسەلوییە لە ناو بارووداوێکی زۆر سەختدا ژیان بەسەر دەبەن، بەلام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارووداوخە سەخت و ناخۆشەی کە هەیانە هیوا و ئاواتیان بە دواڕۆژە".

دەرهێنەری لاوی کورد سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە دەنگی بەسۆزی شمشاڵی قالەمەڕە لە هەندێک لە بەشەکانی فیلمی سینەمایی "گێشێر"دا، گوتویەتی: "بەڕاستی قالەمەڕە گەورەی موزیکی کوردییە، هەر کوردێک لە منداڵییەوە بە دەنگی شمشاڵی قالەمەڕە گەورە بووە و من شانازی دەکەم کە توانیم بەم بۆنەیەوە کەڵک لە دەنگی ئامێری قالەمەڕە وەربگرم، بەڕاستی بۆ من جێگە شانازییە".

جێی ئاماژەیە کە فیلمەکە لە ماوەی 20 رۆژدا لە ناوچەی پیشەیی عەسەلوییە لە باشووری ئێران وێنەی گیراوە.

سەبارەت بە وەرگرتنی خەڵاتەکە گوتویەتی:"من لە منداڵییەوە لەگەڵ سینەمای کیارۆستەمی گەورە بووم، رۆژێک بیرم نەدەکردەوە بتوانم خەڵات لە دەستەکانی کیارۆستەمی وەربگرم هەر بەم بۆنەیەوە ئەو خەڵاتە بۆ من خەڵاتێکی تایبەتە".

ئەلبومی مۆزیکی ئێلی بەختیاری بڵاو دەبێتەوە

ئەلبومی مۆزیکی ئێلی بەختیاری، لەهەفتەی رابردوودا لەلایەن دامەزراوەی ماهور بڵاوکرایەوە.

ئەلبومی مۆزیکی ئێلی بەختیاری لە چوار سی دی دا پێکهاتووە کە سەرجەم مۆزیکی لاواندنەوە، کاتی کار و ئیشکردن، شین و پرسە، شایی و شادی، مۆزیکی تایبەت بە بووک گواستنەوە، مۆزیکی شوانکارەیی، ئاوازی نەتەوەیی و چیرۆکەکانی ئیلی بەختیاری لە خۆی گرتووە.

بەشی سەرەکی مۆزیکی بەختیاری لەسێ جۆردا خۆی دەبینێتەوە، جۆری وەزنی ئازاد وەک شولیل و بەلال، جۆری وەزنداری نارێک وەک چۆپی و جۆری وەزنداری تەواو وەک داینێ داینێ.

عەبا بۆ هەولێر دەگەڕێتەوە

شانۆگەری عەبا لە رۆژانی 26-28 ی مانگی تشرینی یەکەم لە هۆڵی گەل لە شاری هەولێر نمایشکرا،ک هەریەکە لە هاوار حەمیدو نەرمین ئەسیر رۆڵی سەرەکیان تێدا دەبینی.

کرمانج مستەفا دەرهێنەر شانۆگەرییەکە لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن گووتی "ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی فەلاح شاکر و یوسف سائیغەو رێبین رەسول وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ماوەیەکی زۆر بوو ئەو دەقەم خوێندبۆوە و حەزم دەکرد کاری تێدا بکەم، بەلام بەردەوام بیرۆکەی تازەم لەلا گەلاڵە دەبوو، بەلام دواجار گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە کاری تێدابکەم. هە

ژوانگە

یادەکانیان پیرۆز!

راستە هەندێک لە وڵاتانی جیهان کۆنسولخانەیان لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا کردۆتەوە و پێوەندی بارزگانی و دیبلۆماسیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست کردوە، بەلام هەرگیز نەمانبیستوە کە نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە نێو پێتەختی ئەو وڵاتانەدا یادی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بکەنەوەو سەرانی ئەو وڵاتانەش بەشداریان لەگەڵدا بکەن، بەلام رۆژانە لە رێی هەواڵەکانەوە دەزانین کە فلانە وڵات لە هەرێمی کوردستان ئاهەنگیان گێڕاوەو بە بەشداری بەرپرسانی حکومەتی هەرێم یادی دامەزراندنی وڵاتەکانیان و بۆنەکانی خۆیان کردۆتەوە.

ساڵانە کۆماری ئیسلامی ئێران، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تورکیا، روسیا و هتد بەبۆنەی جێژنی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان لەنێو هەرێمی کوردستاندا ئاهەنگ دەگێڕن و بەرپرسانی کوردستانیش بەشداریان لەگەڵدا دەکەن، بەلام بەدەگمەن مێدیاکانی ئەو وڵاتانە ئاماژە بە ئامادەبوونی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

هەڵبەت بۆنە نیشتمانیەکان بۆ هەموو نەتەوەیەک گرنگی مێژوویی خۆی هەیە، بەلام مەرج نیە کە ئەو بۆنە مێژوویەی ئەو نەتەوەیە لای کوردستانیان گرنگ و پیرۆز بێ، بەتایبەتیش کە کوردستان بەچوار دەوڵەت لکێنراوەو حکومەتەکانیش بە ئاگرو ئاسن فەرمانڕەوایەتی دەکەن و رێنادەن کە نەتەوە لکێنراوەکان بیر لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان بکەنەوە.

جێژنی نەورۆز کە جێژنێکی نەتەوەیی کوردە، نەتەوەی فارس، ئەفغانی، ئازەری، تاجیکی، تورک و چەندین نەتەوەی دیکەش بەهی خۆیانی دەزانن و شانازی پێوەدەکەن و یادی دەکەنەوە، بەلام لەو بۆنەیەشدا بەدەگمەن رێ بە کورد دەدرێ کە لەنێو پێتەختی ئەو وڵاتانەدا ئاهەنگ بگێڕێ و یادی ئەو جێژنە بکاتەوە، کەچی دەرو دراوسێ ئاهەنگی بۆنەکانی خۆیان بۆ نێو ماڵی ئێمە دەگوازنەوەو بانگهێشتی بەرپرسانمان دەکەن، ئەگەر نەشچن گلەییان لێدەکەن!!

ئێمە دۆستانە بەشداری لە خۆشی و ئاهەنگی یادەکانی دیتراندا دەکەین و بەو بۆنانەوە پیرۆزباییان لێدەکەین، بەلام هیواخوازین کە ئیدی ئەوان واز لە دوژمنایەتی نەتەوەی کوردو سیاسەتی کوردڤران بهێنن و هەبوونی نەتەوەی کوردو هەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بناسن و پێوەندی دۆستانەو دراوسێیانە پەرە پێبدەن.

هاشم عەبدوڵلا مجێدین
hashm_abdulla@hotmail.com

عەدنان کەریم لە یەکجیهاندا

ئێوارەی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی 2010-11-2 ، هونەرمەندی سترانبێژ عەدنان کەریم لە ئێوارە مۆزیکی یەک جیهاندا نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد دەکات.

ئێوارە مۆزیکی یەک جیهان کە رۆژی سێ شەممە لەسەر شانۆی سۆدرا تیاتر لە شاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سود بەرێوە دەچێ، کۆ مۆزیکی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە.

ساڵانە نەتەوە جیاوازەکانی جیهان بۆ ناساندنی ئاست و توانای مۆزیکی خۆیان بەشداری لە یەک جیهاندا دەکەن، ئەمساڵیش هونەرمەندی بەتوانای کوردستان کاک عەدنان کەریم بەنوێنەرایەتی مۆزیکی کوردی دەچێتە سەرشانۆی Södra teater وگۆرانی و مۆزیکی کوردی پێشان جیهانیان دەدات.

هێمن حوسێن پەری یادەکان کلیپ دەکات

سەرچاوەکان ئاشکرایان کرد کە هونەرمەند هێمن حوسێن خەریکی کلیکردنی گۆرانی پەری یادەکانە ودەرهێنەر و وێنەگری لاو هاوکار فەرهاد کارەکەی بۆ بەئەنجام گەیاندوە.

کلیپەکە لە وێنەگرتن و دەرهێنانی هاوکار فەرهادەو لەم چەند رۆژەی دواییدا قۆناغی وێنەگرتنی تەواوبوو، لە ئێستادا کاری مۆنتاژی بۆ دەکرێ.

هاوکار فەرهاد لە لێدوانێکیدا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن گوتویەتی " کلیپەکەی هێمن حوسێن لە قۆناغی مۆنتاژدایەو لە ئایندەیەکی نزیکدا لە سەرجەم کەناڵە کوردییەکان بڵاودەکرێتەوە".

هاوکار گوتویەتی:"ئەم کلیپە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە کاری بۆ کراوەو هێڵێکی درامی هەیە، بەلام من وەک خۆم زیاتر بایەخ بە کوالێتی بەرز دەدەم و دەمەوی لەرێگەی زوومی کامێراوە دیدگەیەکی جوان پیشان بدەم".

هاوکار فەرهاد تا ئێستا کاری وێنەگرتنی بۆ چەندین کلیپ و کورتە فیلم کردووە، لە سێیەمین فێستیڤاڵی کورتە فیلمی هەولێریش خەلاتی باشترین وێنەگری بەدەستهێناوە.

جێی ئاماژەیە کە هێمن حوسێنی هونەرمەند لایەنگری تایبەتی خۆی هەیە، بەوهۆیەشەوە توانیویەتی سەرکەوتنی گەورە مسۆگەر بکات.